# تاراخەلیل و پۆرترێت

پۆرترێت، زاراوەکە لە زمانی فەرەنسییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی رۆژهەلات و جیهانەوە، بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەم شێوەیە دەنووسرێت (Portrait)، بە ئینگلیزی دەگوترێت (پۆرترێت)، بە فەرەنسیش دەگوترێت (پۆرتری). پۆرترێت، هونەری وێنەی روخسار و دەموچاوی مرۆڤە، لە تەپڵی سەرەوە تا ناوقەد (پشتێن)، جا چ بە تابلۆ، یان پەیکەر، وێنە، یان بەرجەستەکردنی کەسەکە بێت لە پێشەوە. وێنە و نیگار و پەیکەری کەس لە دۆخێکی وەستاوی بێ جووڵە، پێی دەگوترێت پۆرترێت.

ئا/ تاریق کارێزی





بۆ قوتابیان لە ناوەندەکانی ئەکادیمیدا، هەروەها بۆ ئارەزوومەندانی هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی، یان شێوەکاری بە گشتی، هونەری پۆرترێت بنەمایەکی گرنگە بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ هونەرەکانی دیدەیی. دوای ئەوەی هونەرمەند دەکەوێتە سەر ڕێچکەی کار و ئەفراندنیش، پۆرترێت وەك شەقڵێکی ناوازە لە زۆربەی لق و چڵەکانی هونەری شێوەکاری (دیدەیی)دا، وەك لایەنێکی ستاتیکا و واتا و تەکنیك، لێی دەڕواندرێت. پۆرترێت لە پەیکەر و نیگار و وێنەی فۆتۆگراف و گرتەی درامیدا، توخمێکی کاریگەرە بۆ بەرجەستە کردنی جوانی و واتا، قسە کردن بە ئیماژ و زمانی هێما. سیمای دەموچاوی مرۆڤ جیهانێکی زۆر ورد و قووڵە و کەرەستەیەکی لەبننەهاتووی هونەری پۆرترێتە.

تارا خەلیل وەك خانمە شێوەکارێکی کەرکووك، ئەزموونێکی لە هونەری پۆرترێتدا پێشکەش کردووە و گەشتە مەشقێکی لە نێو ئەم جۆرە هونەرەدا کردووە. هونەری پۆرترێت تا ئەندازەیەکی زۆر توانا و بڕستی هونەرییانەی نیگارکێش دەخاتە ڕوو. هونەرمەند لە دروست کردنی پۆرترێتدا بەرحوکمی دوو مەرجە.

یەك: ئەو وێنەی فیگەرێك دروست دەکاتەوە کە هەیە، ئەو فیگەرەش کەسایەتییەکە و سیماکانی بە وردی چ بە دیتنی ڕاستەوخۆ، چ بە وێنە، یان لە شاشەوە لەبەر زەین و چاوی خەڵکدایە. ئیدی دروستکردنی پۆرترێتێك بۆ ئەم جۆرە کەسایەتییە، وابەستەیە بە پێکهاتەی ئەندازەیی دیارترین سیمای کەسەکەوە، کە دەموچاویەتی، بەم جۆرە هونەرمەند ناتوانێ مانۆر بکات و فەنتازیا بنوێنێ، مەگەر بە ئەندازەیەکی فرە بچووك و بەرتەسك. لەم جۆرە مەشقەی هونەردا، توانای ئەکادیمییانەی هونەرمەند لە مەحەك دەدرێت.

دوو: دەست و پەنجەی هونەرمەند، لێدانی دڵ و خرۆشانی هەست و هۆشی، بەرحوکمی دۆخێکی ئۆرگانین، هەرگیز وەك ئامێری کامیرا نییە تا شت دەقاودەق و بێ گیان بگوازێتەوە، بەڵکوو ساتەوەختی کێشان و گەڵاڵەکردنی پۆرترێتەکە لە ڕووی شوێن و کاتەوە و هەروەها باری دەروون و بیرکردنەوەی هونەرمەند لە ساتەوەختی بڕیاردان و پاشان دەست پێ کردنی پۆرترێتەکە، هەموو ئەمانە نەخشی کاریگەریان لە شێوەی گەڵاڵە بوونی بەرهەمەکە دەبێت. بۆیە هیچ کاتێك چاوەڕوان ناکرێت هونەرمەند بۆ خۆی بتوانێ پۆرترێتێك بە هەمان شێوە دووبارە بکاتەوە. ئەمەش ڕازی هونەرە.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو دوو مەرجە، تارای هونەرمەند پۆرترێتی چەندین کەسایەتیی کێشاوە (شێرکۆ بێکەس، مەزهەری خالقی، عەباسی کەمەندی، قوبادی جەلیل زادە، شێرزاد هەینی، مان ئەحمەد...هتد)، ئەمانە تێکڕا ئەدیب و هونەرمەندی دیاری کوردستانن، لە پاڵ ئەوانیش، پۆرترێتی خەڵکانی دیکەی کێشاوە، ژن و پیاو و منداڵ، کە لە لای خەڵك نەناسراون، بەڵام لە لای تارا خەلیل کەسایەتین و مایەی سەرنجن، بۆیە ئەو بە کارامەیی و توانای پێشەییانەی خۆی پۆرترێتی بۆ کێشاون.

لە کێشانی پۆرترێتدا، تارا خەلیل کەرەستەی هەمەجۆری بەکار هێناوە (ڕۆنڕەنگ، ئاوڕەنگ، مەرەکەب، قەڵەمی دار) وردی لە گواستنەوەی پێکهاتەی شافیگەر، سیمای سەرەکیی هونەری پۆرترێتە. پۆرترێت جوانی و تەلیسمێکی جیاواز دەنوێنێت. لە لایەك هونەرمەند وابەستە بە فۆرم و پێکهاتەیەکی دیاری کراوە کە ناتوانێ لێی لا بدات، لە لایەکی دیکەوە ئەو لە هەڵبژاردنی دۆخی ئەو فۆرم و پێکهاتەیەدا لە کات و شوێنێکی دیاریکراو و لە نێو کەش و ژینگەیەکی دیاریکراودا، ئەو دەرفەتەی پێ دەدات، کە بەرهەمێکی نایاب پێشکەش بکات.







### بریانکا:

# شەونخونیی زۆرم کردووە تا بەم ئاستە گەیشتووم

بریانکا شۆبرا یەکێکە لە ئەکتەر و گۆرانیبێژە ناسراوەکانی هیندستان و شانازیش بەوە دەکات هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری چەشتووە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی و توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو ئەستێرەکانی بۆلیۆد بکاتەوە.

سەرەتا بە گۆرانی (In My City) هاتە نێو جیهانی گۆرانی گوتن، ئێستاش خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکی نوێ بەناوی (Exotic) کە بە شێوازێکی رۆژئاوایی تۆماری کردووە، چاوەڕێش دەکرێ ئەم گۆرانییە لە رێگای ئامرازە کۆمەڵایەتییەکانی راگەیاندنەوە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت، هەرچەندە ئەم گۆرانییە نوێیە لە ئەنتەرنێت دزەی کردووە، بەڵام بریانکا بەلایەوە ئاساییە و بە هیچ جۆرێك باسیشی ناکات، وەك ئەوەی پێی خۆش بێت.

شۆبرای تەمەن ٣٣ ساڵ لە تویتەر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە دزەکردنی گۆرانییەکەی و گوتی: «پێویستە لەگەڵ دزەکردنی گۆرانییەکانمدا من تورە ببم، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم بەوەی هەموو لایەك لەگەڵ من گوێی لێ دەگرن، من گەیشتوومەتە ئاستێکی بەرزی هونەری، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، ئەمە بە ئاسانی نەهاتووتە دی، هەوڵی زۆرم داوە و شەونخونی زۆریشم بینیوە، زۆر ماندوو بووم و کەسانی دیکەشم لەگەڵ خۆم ماندوو کردووە، بەتایبەتی خانەوادەکەم.»

جێگای سەرنجە لەم گۆرانییە نوێیەدا گۆرانیبێژی راپی ئەمریکی بیتبول هاوکاریی بریانکا دەکات، هەرچەندە تێکستەکەی ئینگلیزییە، بەڵام بریانکا چەند وشەیەکی هیندیی خستۆتە سەر گۆرانییەکە.



# ئەو شتانەی نانسی ناتوانێت دەستبەرداریان بێت

نانسی عەجرەم هەمیشە سەرنجی جەماوەر و بینەران بۆ خۆی رادەکێشی، بەتایبەتی ئافرەتەکان کە هەمیش دەربارەی هۆکاری بەردەوام بە جوانی دەرکەوتنی دەپرسن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت هاوشێوە نانسی دەرکەون.

نانسی لەم بارەیەوە چەند نهێنییەکی ئاشکرا کرد و گوتی: «من بەشێوەیەکی رۆژانە و بەردەوام دەموچاوم پاك دەکەمەوە و کرێمی تایبەتی دەموچاو و دەمامکی پاراستنی دەموچاو لە تیشکی رۆژ بەکاردەهێنم، جگە لەمانەش رۆژانە وەرزشی خۆم ئەنجام دەدەم، تەنانەت لەو کاتانەی کە لە گەشتیشدا بم، گرنگی بە وەرزش دەدەم، نانسی روونیکردەوە کە بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێریی مۆدیلەکانی جلوبەرگ دەکات و گرنگی بە نوێبوونەوە دەدات و بە عەشقەوە دەچێتە لەندەن بۆ بازاڕ کردن و کڕینی جلوبەرگ، بەتایبەتی جلوبەرگی کراسی درێژ، بەڵام خاڵی لاوازی بریتییە لە زۆر کڕینی جانتا، چونکە نزیکەی **٣-٤** کانتۆری جانتای لەماڵەوە هەیە.

ئەوەی زۆر سەیر بوو بەلای جەماوەرەوە ئەوە بوو کە نانسی پەیڕەوی هیچ سیستمێکی خواردن ناێتت، تەنیا ئەوە نەبێت کە گۆشتی سوور و مریشك ناخوات، چونکە ئەو رووەکییە و تەنیا ماسی دەخوات، ئەمانەش سوودێکی زۆریان هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ و زۆریش پێویستن کە مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام بیانخوات و لێیان دوور نەکەوێتەوە، نانسی نهێنییەکی سەیری بۆ جەماوەر درکاند، ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی نووستن هەمیشە ئاو و ئامێری شەحن کردنی مۆبایل لە نزیك خۆی دادەنێت، منداڵی زۆر زۆر خۆشدەوێت و بەرامبەر بە بەساڵاچووانیش هەست بە لاوازییەکی زۆر دەکات.



# سکارلێت بەردەوامە لە تۆمارکردنی ژمارە پێوانەییەکان

بەپێی راپۆرتێکی گوڤاری (فۆربس)، خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی، لە ساڵی ٢٠١٩ (سکارلێت جوهانسون) خاوەنی زۆرترین داهات بووە لە نێو خانمە ئەکتەرەکاندا، ئەمەش دووەم ساڵە لەسەر یەك کە بتوانێت زۆرترین داهات کۆبکاتەوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەستێرەیەکی بێ رکابەر و سەرکەوتووی هۆڵیۆدە.

بە گوێرەی ئەو لیستەی کە گۆڤاری ناوبراو بڵاوی کردۆتەوە سکارلێتی تەمەن ٣٤ ساڵ و ناسراو بە رۆڵی (بلاك وید- بێوەژنە رەشەکە) لە فیلمی (ئەڤینگەر ئێند گێم) بە کۆکردنەوەی ٥٦ ملیۆن دۆلار لە ماوەی یازدە مانگی رابردوودا لە پلەی یەکەم هات.

لە پلەی دووەم سۆفیا فیرگاری ئەستێرەی زنجیرە درامای ( مۆدێرن فامیلی ) هات بە کۆکردنەوە ٤٤ ملیۆن دۆلار و لە پلەی سێیەمیش خانمە ئەکتەر (ریس ویزرسپۆن) هات لە زنجیرەی (درۆی بچووکی گەورە) بە کۆکردنەوەی ٣٥ ملیۆن دۆلار.

هەر یەکە لە ئیلیزابێس مۆس پاڵەوانی زنجیرە درامای ( زە هاند میدز تیل) و خانمە ئەکتەری ئوسترالی مارگۆت رۆبی دە یەکەمەکانی لیستەکە بوون، مۆس توانیی بڕی ٢٤ ملیۆن دۆلار و رۆبی ٢٣ ملیۆن دۆلار کۆ بکاتەوە.

لیستەکەی گۆڤاری فۆربس ناوی نیکۆڵ کیدمان و جنیڤەر ئەنیستۆن و کالی کۆکۆ و چارلز تیرۆن و ئالین پۆمپیۆی لە خۆ گرتبوو، بۆیە بە دەستهێنانی پلەی یەکەم لە نێو ئەم ئەستێرانەدا بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ سکارلێت ئەژمار دەکرێ، بەتایبەتی کە بۆ ساڵی دووەم توانیی نازناوەکە بەدەست بهێنێت.

## ڕۆبێرت دی نیرۆ:

# ترەمپ بۆ ڕزگارکردنی خۆی قوربانی بە ئەمریکا دەدات



### ئامادە نیم ڕۆڵی ترەمپ ببینم

بەم دواییە ڕۆبێرت دی نیرۆ لە میانەی فیستیڤاڵێکی سینەمایی جیهانی کە لە لەندەن ساز کرابوو، دووبارە هێرشی کردەوە سەر ترەمپ و گوتی: «ئەو کابرایە دەیەوێ گشت دامودەزگاکانی ئەمریکا لە ناو ببات و هەوڵ دەدات رای گشتی ئەمریکا دژی ئەو دامودەزگایانە هان بدات، کە دژی سیاسەتەکانی دەوەستنەوە و ناکەونە ژێر باڵی خۆی، بەتایبەتی CIA FBI، ترەمپ بۆتە هۆکاری بێسەروبەرییەکی زۆر، چونکە ناتوانێت یاریی سیاسی بکات.»

دی نیرۆ رەخنەگران و بینەرانی سینما بە یەکێك لە باشترین ئەکتەرەکانی مێژووی سینەمای دادەنێن، چونکە لە چەندین فیلمدا ئەو ڕۆڵانەی کە بینونی زۆر تێیاندا سەرکەتوو بووە، دی نیرۆ بەوە ناسراوە زۆر جار ڕۆڵی کەسی بەدکار و تاوانبار دەبینێت، بێ ئەوەی گرنگی بە کاردانەوەی جەماوەر بدات.

بەشێك لە رەخنەگرانی سینەما ئەمە بە خاڵێکی نەرێنی دادەنێن، بەڵام دی نیرۆ دەڵێ: «من دەتوانم هەموو ڕۆڵێك ببینم، تەنانەت ڕۆڵی کەسانی تاوانباریش کە دەتوانم خاڵێکی هاوسۆزیی تێدا بدۆزمەوە، ئەگەر مرۆڤایەتیی تێدا هەبێت، بەڵام ناتوانم ڕۆڵی کەسایەتیی دۆناڵد ترامپ ببینم، چونکە ئەو شیاو نییە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکات، زۆر هەوڵ دەدەم کە خاڵێکی هاوسۆزیی نیشتمانی لەگەڵ ترەمپ بدۆزمەوە، بەڵام سوودی نییە، بەر لە هەڵبژاردنی بە سەرۆکی ئەمریکا وتم دەرفەتێکی پێ دەدەم، بەڵام بۆم دەرکەوت کە زۆر خراپترە لەوەی من پێشبینیم دەکرد، نازانم بۆ خۆشم ناوێ؟، زۆر جار بیرم لەو بابەتەکە کردۆتەوە، بەڵام هەست دەکەم تووشی جۆرێك لە شێتی بۆتەوە و دوورە

**ئەستێرەی سینەمایی (رۆبێرت دی نیرۆ) بەوە ناسراوە کە بەردەوام بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی خۆی بۆ دۆناڵد ترەمپ–ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەبڕێت، ئەم دژایەتی و ناکۆکییەی نێوانیشیان بۆ کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە.**

لە رەوشت و بەهاو، کەسێکی بێ مانایە و ناتوانم چاوەڕێ بکەم تا ئەو کاتەی لە زیندان دەیبینم».

هەر دەربارەی کەسایەتیی ترەمپ دەڵێ: «بمانەوێت یان نا ئێمە ئێستا کێشەیەکی راستەقینە و راستەوخۆمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمەیە سەرکردەیەکی مافیامان هەیە، کە وادەزانیت دەتوانێت هەر شتێك بکات کە دەیەوێت، ئەو کەسانەی لە چواردەوری ترەمپن و پشتگیریی ئەو دەکەن، ترسێندراون، بۆیە پێویستە شتێك دەربارەی ئەمە بکرێت».

**ترەمپ وەڵامێکی توندی دی نیرۆی دایەوە**

سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ بە توندی کاردانەوەی بەرامبەر رۆبێرت دی نیرۆ نیشاندا، کە لە بەرنامەیەکدا جنێوی بە ترەمپ دابوو.

دۆناڵد ترەمپ لە رێگەی هەژماری خۆی لە تویتەر بە توندی رەخنەی لە رۆبێرت دی نیرۆ گرت، کە پێشتر لە بەرنامەیەکدا جنێوی پێ دابوو.

سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لە تویتەکەیدا دەڵێت: «رۆبێرت دی نیرۆ کە ئاستی ژیریی زۆر کەمە، لە فیلمەکاندا بە دەستی بۆکسێنەرە راستەقینەکان مستەکۆڵەی زۆری خواردووە. شەوی رابردوو تەماشای بەرنامەکەم کرد، باوەڕم کرد کە رۆبێرت دی نیرۆ کەسێکی گێژە. وابزانم ئاگادارنییە کە ئابووریمان لە ئێستادا لە باشترین دۆخدایە و زۆر کۆمپانیا دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکەمان، من دوێنێ فیلمێکی دی نیرۆم بینی، پێموایە سەرخۆش بووە.

**دی نیرۆ دژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە سوریا**

رۆبێرت دی نیرۆ لەژێر هاشتاگی «کوردەکان لەلایەن ترەمپەوە فێڵیان لێ کرا» رەخنەی لە بڕیارەکەی ترەمپ گرت، سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا و رێگا نەگرتن لە هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان.

«رۆبێرت دی نیرۆ» لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر لە تویتێکدا نووسیبووی: «ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بڕیاربوو داعش بۆ ئێمە لەناوبەرێت، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانیش لەو جەنگەدا بکوژرێن، ئەگەرچی بەڵێنیان پێدابوون بیانپارێزن، بەڵام دواتر فێڵیان لێکردن بەوەی هێزەکانیان کشاندەوە،

هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە کە ئێستا ترەمپ تورکەکانی بانگهێشت کردووە بۆ سوریا، گلۆپی سەوزی بۆ هەڵکردون بۆ ئەوەی کوردەکان لەناوبەرن».

رۆبێرت دی نیرۆ بە رەچەڵەك ئیتاڵییە، ساڵی ١٩٤٣ لە شاری نیویۆرك لەدایکبووە و بە یەکێك لە باشترین ئەکتەرە مێژووییەکانی سینەمای ئەمریکی دادەنرێت، شەش جار پاڵێوراو بووە بۆ خەڵاتی ئۆسکار، دوو جار بەدەستی هێناوە، جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٤ وەك باشترین ئەکتەری لاوەکی لە بەشی دووەمی فیلمی (العراب)، جاری دووەمیش وەك باشتری ئەکتەر لە ساڵی ١٩٨٠، دی نیرۆ و کارلۆن براندۆن تاکە ئەکتەرن کە خەڵاتی ئۆسکاریان بە دەستهێناوە لە نواندنی رۆڵی هەمان کەسایەتی ئەویش کەسایەتی (فیتۆ کۆرلیۆنی) بوو.

دایك وباوکی دی نیرۆ هونەرمەند بوون، دایکی وێنەکێش و شاعیر بوو، باوکیشی وێنەکێش و شێوەکار بووە، تەمەنی سێ ساڵان بوو کاتێك دایك و باوکی جیابوونەوە، هەمیشە لەگەڵ باوکی چۆتە سینەما، بۆیە خۆشەویستیی سینەما لە هزریدا چەکەرەی کردووە، لە تەمەنی دە ساڵاندا یەکەم رۆڵی لە شانۆگەرییەکی قوتابخانەدا بینیوە، ساڵی ١٩٦٨ بەشداریی لە فیلمی (Greetings) کە دەروازەی یەکەمی بوو بۆ دەرکەوتن و ناوبانگ پەیدا کردن.

**سەرچاوە:**

*** ئەلعەین ئەلعەرەبییە**

*** سکای نیوز**